# شێوەکاری کوردی جولەکە «مونیر عوزێر قەساب»

**ئامادەکردنی: بەشیر سەبری بۆتانیی**

**لە ئینگلیزییەوە: گەلاڵێی**







مونیـر عوزیـر قەسـاب، کـە ناوەکـەی بـە زمانـی عیبریـی بـە «مێیـر ئوزێر کاتساڤ» دەخوێنرێتـەوە، لـە نێوان سـاڵانی (١٩٢٧–١٩٢٨) لـە شـاری هەولێـر لەدایکبـووە. مونیـر پیشـەی شـێوەکارییە، هەروەهـا براکەشـی «دانیـال»، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٠ و لـە تەمەنـی ٨٧ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرووە، شـێوەکارێکی بەتـوان و نـاوداری عێـراق بـوو. براکانـی ترشیان «شـانی» و «نەعوم»، کە ئێستا لـە ئیسـرائیل دەژیـن، بەهەمـان شـێوە شـێوەکاری کارامـەن.
ئەمساڵ چووم بۆ ماڵی مونیر، کـە کچەکانی و نەوەکانیشـی لـەوێ ئامـادە بـوون. زۆر بـە گەرمیی بـە خێرهاتنـی کـردم و لـە ماڵەکەیـدا هەولێری پایتەختـم بینی. مونیـر پێی وتـم: «ئێمـە خەڵکی هەولێرین و لـەوێ ژیانمـان زۆر خۆش دەگوزەراند. هیچ کێشـەیەکی ئەوتۆشـمان نەبـوو. پێوەندییەکـی باشـمان لەگـەڵ هەمـوو کوردەکانـدا هەبـوو. زۆریـش بیـری هاوینەهـەواری مەسـیف، شـەقڵاوە، گەلـی عەلـی بـەگ و ڕەوانـدز دەکـەم. بیـری ئـاوی سـازگاری کوردسـتان دەکـەم. هەروەهـا بیـری هەمـوو هاوڕێکانیشـم لـەوێ دەکـەم، کـە ئەوانیـش: ئیحسـان موستەفا، ئەنوەر عەلی و براکانـی، نیاز موستەفا قەرەنی، فاتیـع مەزهـەر، ڕەشـید حاجـی قـادر، عەبدولوەهـاب، جابـر و هاشـم بـوون. هەمیشـەش یادیـان دەکەمـەوە. ئـەوان زۆر خۆشەویسـت بـوون لـە لام.
لـە سـاڵی ١٩٥٠ کوردسـتانمان جێهێشـت و چوویـن بـۆ ئیسـرائیل. ڕاسـتییەکەی لەلایـەن حکومەتـی عێراقییـەوە ڕاگوێزراینـەوە. ڕوبـەڕووی چەنـدان تەنـگ و چەڵەمـە بووینـەوە. لەوانـەش ئـاو و هـەوای ئیسـرائیل بـوو، کـە زۆر جیـاواز بـوو لـە هـی کوردسـتان. مـاڵ و سـامانەکانمان هەمـووی دەستیبەسـەرداگیرا. بـە گەیشـتمان بـە ئیسـرائیل دەبوو بۆ مـاوەی سـێ سـاڵ لەژێر خێوەتدا بژیاباین لـە کەشـوهەوایەکی گەرماوییدا. گۆڕینـی ئەتمۆسـفیر و ژیانـت بـە شـێوەیەکی وا پەڕگـر زۆر سـەخت بـوو بۆمـان. ئێمـە لەگـەڵ ئـەو جولەکانـەدا دەژیایـن، کـە لـە ڕۆمانیـا و ڕووسـیاوە هاتبـوون و زۆر جیـاواز بـوون لەگەڵمـان. زۆربـەی جـار کاتـم بـە کێشـانی وێنـەی هەولێـر و کوردسـتان دەبردەسـەر و بـە نرخێکـی هـەرزان

دەمفرۆشتن بۆ ئەوی بژێوی ژیانمی پێ دابین بکەم.

تێبینی: ئەم دیدارە لە ڕەشەمەی ٢٠٠٩ لە ڕامات چێن لە ئیسرائیل، لەگەڵ مونیر ئەنجام دراوە.

**سەرچاوە:**


https://kurdistanart.blogspot.com/٢٠١٧/٠٧/mu-nir-uzear-qassab-was-born-in-erbil.htm-l?m=١&fbclid=IwAR٣٨١٧dOehqqcGZDtv٣JF-٩VEI٣nKQqOfTqW٣٥oXf٧nohEBDI٦qgaxWE_٨n٣